گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# چارەسەری ئاریشەکانی ڕێنوسی کوردی بە پێی زانستی زمان ئاریشەکان لە ئاستی بڕگەسازیدا بە نمونە

**دارا کەمال سلێمان**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Dara.sleman@su.edu.krd

**پ. د. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
abdulla.raswl@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

بەرواری توێژینەوە:
وەرگرتن:٢٠٢٤/١/١٩
پەسەندکردن:٢٠٢٤/٢/٢٧
بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٥

**وشە سەرەکییەکان**

*Syllable, Phonetic perspective, Phonology perspective, Kurdish orthography, Issues of orthography.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.2.5

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە پێکۆلێکی گرنگە بۆ دیاریکردنی ئاریشەکانی ڕێنوسی کوردی، پاشان خستنەڕوی چارەسەرییەکانە بە پێی بنەما زمانەوانییەکان، ئەمەش لە پێناو یەکخستن و یەکبونە لە زمانی نووسیندا. یاسا بڕگەسازییەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ڕێنوسی کوردی هەیە، سەرەڕای ئەوەی بڕگە لە خستنەپاڵ و ڕێکخستنی پیتەکان لە قاڵبی وشە بەشداریدەکات، هەروەها بۆ چۆنیەتیی ڕێنوسی وشە و لێکدانی وشە و گرێیەکان پەیڕەوی لە بنەما بڕگەسازییەکان دەکرێت، بە تایبەتی ئەو وشە یان بڕگانەی بە بزوێن یان نیمچەبزوێنەکان کۆتاییاندێت، ئەوا هەر پشت بە ڕوانگەکانی بڕگەسازی دەبەسترێت، لەسەر ئەم بنەمایەش بەشێکی بنەڕەتیی ئاریشەکانی ڕێنوس بۆ یاسا بڕگەسازییەکان دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی لە دانانی ناوبڕی (و) و (ی)، یان دانانی پیت بۆ دەنگی هەمزە و بزرۆکە. بۆیە ئەم توێژینەوەیە دەکەوێتە سنوری زمانەوانیی کارەکی و ڕێبازی پەسنی (وەسفی) شیکاری پەیڕەودەکات، بۆ ئەم ئامانجەش توێژەر لە بەشی یەکەمدا لایەنە تیۆرییەکانی بڕگە و ڕوانگەکانی پیشانداوە، لە بەشی

دوەمیشدا ئاریشەکانی ئاستی بڕگەسازی دەستنیشانکراوە و بە نمونەی پێویست چارەسەریەکان خراونەتەڕو. کەواتە؛ ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دو بەش پێکهاتوە و لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دانراوە.

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (چارەسەری ئاریشەکانی ڕێنوسی کوردی بە پێی زانستی زمان-ئاریشەکان لە ئاستی بڕگەسازیدا بە نمونە)یە، توێژەر لە ئاریشەکانی ڕێنوسی کوردی دەتوێژێتەوە و چارەسەرییەکان بە پێی پێوەرەکانی زانستی زمان دەخاتەڕو. هۆی سەرەکیی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ گرنگیی ڕێنوس و زمانی نوسین لە سەردەمی نوێدا دەگەڕێتەوە، بە تایبەتیش بۆ زمانی کوردی کە پێویستیی بە زمانێکی یەکگرتو و پێوەربەند هەیە، بۆ ئەوەی ببێتە زمانێکی هاوبەشی نەتەوەیی و بتوانێت زمانی زانست لە بوارە جیاوازەکان بنوسێتەوە.

ئامانجی توێژینەوەکە: دەستنیشانکردن و دیاریکردنی لایەنە ئاریشەدارەکانی ڕێنوسی کوردییە، بە نمونەی ئاریشەکانی ئاستی بڕگەسازی، پاشان چارەسەکردنی ئەم ئاریشانە بە پێی زانستی زمان، ئەمەش لە پێناو ڕێنوسێکی یەکگرتو و بەدیهێنانی زمانی نوسینی هاوبەش.

سنور و کەرەسەی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە سنوری زمانەوانیی کارەکیدایە و بۆ خستنەڕوی چارەسەرییەکانی سود لە تەواوی لقەکانی زمانەوانی و زانیارییە زمانییەکان وەرگیراوە، هەروەها نمونەکانیش لە زاری کوردیی ناوەڕاست وەرگیراون، کە شێوەیەکی پێوەربەندی زمانی کوردییە.

ڕێبازی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە ڕێبازی پەسنی شیکاری پەیڕەودەکات، بۆ ئەم مەبەستەش تەنیا لایەنی هەنوکەیی زمانی نوسینی کوردی لەبەرچاودەگرێت، واتە؛ لایەنی مێژویی نوسینی کوردی ناخاتەڕو.

کێشەی توێژینەوەکە: دەنگ بەوەی کە گرنگترین یەکەی زمانییە و کەرەستەیەکە یەکەی پێوانەی هەیە و دەتوانرێ بپێورێت، واتە؛ دەنگ دەخرێتە ژێر تاقیگە و دەتوانرێت بۆ سەلماندنی ڕاستییەکانی دەنگسازیی زمانی کوردی، سود لە تەکنەلۆژیا و ئامێری پێکشەوتو وەربگیرێت، بەڵام نەبونی ئامێر و تاقیگەی دەنگی، یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی هەمو توێژینەوەیەك لە بارەی دەنگ و بڕگەسازی.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە جگە لە پوختە و پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، بۆ دو بەش دابەشکراوە، لە بەشی یەکەمدا لایەنە تیۆرییەکانی بڕگەسازی، لە دەنگ و تێگەی بڕگە و ڕوانگەی دەنگسازی و دەنگناسی ڕونکراوەتەوە، هەروەها ڕەگەزە سەرەکییەکانی بڕگە، بڕگەسازی و ڕێنوس باسکراون. لە بەشی دوەمیشدا ئاریشەکانی ڕێنوس لە ئاستی بڕگەسازیدا پیشاندراوە، بە تایبەتی ئاریشەکانی بزوێنە سەرەکییەکان، دەنگی هەمزە، بزرۆکە، نیمچەبزوێنی (و، ی)، پاشان بە پشتبەستن بە ڕاستییەکانی پەیرەوی دەنگناسیی زمانی کوردی و پێوەرە زمانەوانییەکان، لە بارەی هەر یەکێکیان نمونەی پێویست بە مەبەستی چارەسەکردنی ئەم ئاریشانە خراونەتەڕو.

## 1- بەشی یەکەم: بڕگە و ڕوانگەکانی:

### 1-1- بڕگە:

بڕگە زاراوەیەکی زمانەوانییە و لە ئینگلیزیدا زاراوەی (Syllable) و لە عەرەبیشدا زاراوەی (المقطع) و لە فارسیشدا زاراوەی (هجا، سیلاب)ی بۆ بەکاردێت (ڕۆحانی،2020: 208) لە زمانی کوردیشدا چەندین زاراوەی جیاوازی بۆ بەکارهاتوە، وەکو: (هیجا، کەرتە، پارچە، کارت، کەر، مەقتەع، بڕگە)، بەڵام زاراوەی (بڕگە) لە زمانەوانیی کوردیدا چەسپاوە، لە لایەن زمانەوان و ڕێزماننوسان و لە توێژینەوە زمانییەکاندا بەرانبەر ئەو یەکە دەنگییە بەکاردێت، کە لە دەنگ/ فۆنیم گەورەترە و بە دوا دانەی بێواتای زمان و گەورەترین یەکەی ئاستی دەنگناسی دادەنرێت (موسا،2016 (ا): 76). بڕگە بە گشتی کەرەستەیەکی گرنگی زمانەوانی و بە یەکەیەکی سەرەکی و بنچینەیی لە توێژینەوەی هەر دو لقی دەنگسازی و دەنگناسی دادەنرێت (Roach,2002: 76).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مرۆڤ لە ئاخاوتندا واتا و بیرۆکەکانی مێشکی لە شێوەی پەیام ڕیکدەخات و وەك نێرەرێك ئەو پەیامانە لە دەنگەکان باردەکات و ئاڕاستەی وەرگریان دەکات. کرداری گۆکردنی دەنگەکانیش بە تەنیا بە داخستنی دەم، یان بە تەنیا کردنەوەی دەم ئەنجامنادرێت، ڕێکار (mechanism)ی ئاخاوتن بە بەردەوامیی کردنەوە و داخستنەوەی ڕێژەیی دەم دێتەئارا. دەنگەکانی زمانیش هەندێکیان یارمەتیی کردنەوەی دەم و هەندێکیان یارمەتیی داخستنی دەم بە ڕێژەی جیاواز دەدەن. ئاخێوەر لە هەر کرانەوە و داخستنێکی دەم بە هەر ڕێژەیەك بێت، بڕگەیەك دروستدەکات (کانتینو،1961: 191) بە واتایەکی تر؛ قسەکەر لەسەر هەمو پارچەیەك لە پارچەکانی دەربڕین یان وشە هەڵوەستەدەکات، بەبێ ئەوەی واتای دەربڕین یان وشەکە بشێوێنێت (محمد، 1998: 119) کەواتە؛ بڕگە دەنگێك یان چەند دەنگێکە، بە یەك کەڕەت و بەیەکەوە دەدرکێنرێت (حەسەن،1991: 1) بۆ نمونە، کۆئەندامی درکاندنی قسەکەری زمانی کوردی ناتوانێت، دەنگەکانی وشەیەکی وەك (باران)، تاك تاك و سەربەخۆ دەربڕێت، بەڵکو بە شێوەی /با-ران/ بە دو کەرت و بڕگە ئەم وشەیە بەرهەمدەهێنێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە دەنگەکانی زمان بە تەنیا بونی سەربەخۆی خۆیان نیە (عمر،1997: 281) دەنگناس و قسەکەریش بە چاودێریکردنی کۆئەندامی درکاندن و بیستن، دەتوانێت هەست لە ژمارەی تەوژمی هەوا و چەپکە دەنگە دەربڕاوەکان ڕابگرێت، وشەی (دەستنیشانکردن) لەسەرخۆ دەربڕێت، ئەوا بۆی ڕوندەبێتەوە ئەم وشەیە، پێنج چەپکە دەنگە و بەرانبەر پێنج بڕگە دەوەستێت /دەست-نی-شان-کر-دن/. بەم پێیە مرۆڤ بڕگە بەرهەمدەهێنێت، نەك تاکە تاکەی دەنگەکان، کەواتە؛ یەکەی بنچینەیی زمان بریتییە لە بڕگە. ئەم بڕگەبڕگەکردنەی کردەی قسەکردنیش ڕەمەکی نیە، بەڵکو بریتیە لە یاسای ڕێکخستن و لێکدانی فۆنیمەکان و جوتبونی دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکان و قەتاربەستنیان (de lacy,2007: 162) پاشان وەك کەرەستەیەکی گرنگ دەبن بە پرد بۆ سازکردنی مۆرفیم/وشە و ڕستە لە زماندا، بێگومان ئەم یاسای لێکدان و ڕێکخستنەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بە پێی چەندیەتی و چۆنیەتیی

دەنگەکان جیاوازیی تێدەکەوێت. بۆیە بڕگە لە هەر دو ڕوانگەی دەنگسازی و دەنگناسی تیشکی خراوەتەسەر:

## 2-1- ڕوانگەی دەنگسازی:

ڕوانگە و بۆچونێکی گشتییە و هەمو زمانەکان تێیدا بەشدارن، چونکە لە چۆنیەتی و ڕێکاری دروستبونی بڕگە دەتوێژێتەوە و لایەنی ئەندامزانیی هەناسەدان و وەرگرتن و چۆنیەتیی کارکردنی کۆئەندامی درکاندن ڕوندەکاتەوە. لێرەدا بڕگە دوای فۆنیم وەك بچوکترین دانە بۆ دروستکردن و لێکدانی وشە تەماشادەکرێت (محمد،1998: 120) و وا پێناسەدەکرێت: (دەنگێك یان پتر لە دەنگێکە کە بە یەك تەکانی هەوای دەربازبو، لە دەم دەردەچێت) (حاجی مارف،1976: 68) واتە؛ هەر دەستپێکردن و ڕاوەستانێك سنوری بڕگەیە، لێرەدا دەنگسازان هاتنی دەنگێکی بزوێن لەگەڵ ئەم تەوژمە هەوایە بۆ ڕێخۆشکردن و دەرکەوتنی دەنگێك یان چەند دەنگێکی نەبزوێن بە مەرج دادەنێن، واتە؛ لە بڕگەی دەنگسازیدا هەر بڕگەیەك تەنیا یەك دەنگی بزوێنی تێدایە (Baker & Hengeveld, 2012: 322)، ئینجا کورت یان درێژ بێت، بۆ نمونە وشەی (شەم/شە/مە/کوێـ/رە) پێنج دەنگی بزوێنی تێدایە و ژمارەی بڕگەکانیشی هەر پێنجە.

بڕگەی دەنگسازی پشت بە بیردۆزی دەرکەوتن (Sonority) دەبەستێ، بە پێی ئەم بیردۆزە بەرزیی بیستنی دەنگەکان، کاردەکاتە سەر ڕیزبونی دەنگەکانی ناو بڕگەیەك (Crystal, 2008: 442) واتە؛ ئەو دەنگەی ڕادەی بەرزیی بیستنی لە هەمویان زیاترە، دەرکەوتوترە و دەکەوێتە نێوان دو ڕادەی نزمتری بیستن، ئەمەش هۆکارێکە بۆ دیاریکردنی بڕگە و سنورەکەی، بە واتایەکی تر؛ ئەگەر لە وشەیەکدا تەنیا یەك دەنگی دەرکەوتومان هەبێت، ئەوا ئەو وشەیە بە یەك بڕگە دادەنرێت (فەتاح، 2011: 77) وەکو بڕگەی (دار)، کە دەنگی [ا] پلەی دەرکەوتویی لە هەردو دەنگی [د] و [ر] بەرزترە، هەروەها ئەگەر دو دەنگی دەرکەوتو یان زیاترمان هەبێت، ئەوا ئەو وشەیە فرە بڕگەییە، وەك وشەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

/چۆ-لە-کە/، لێرەشدا دەنگە بزوێنەکان بەراورد بە دەنگە نەبزوێنەکان زیاتر لوتکەی بەرزیی بیستن دەنوێنن و دەرکەوتوترن، بەڵام مەرج نیە دەنگی دەرکەوتو هەر بزوێن بێت، تەنانەت لە ناو بزوێنەکانیشدا کورتی و درێژیی دەنگ جیاوازە، تا درێژتر بێت، دەرکەوتویی زیاتر دەبێت، بۆ نمونە فۆنیمی /ا/ لە /ە/ دەرکەوتوترە. کەواتە؛ بە پێی ئەم بیردۆزەیە بڕگە: ئەو چەند دەنگەیە کە یەکێکیان دەرکەوتوترینیانە (ئیسماعیل،2013: 52).

**3-1- ڕوانگەی دەنگناسی:**

ئاڕاستە و پێوانەیەکی تایبەت و ئەرکییە، بە ماك و تایبەتمەندییەکانی زمانێکی دیاریکراوەوە گرێدراوە، چونکە بنچینە و پێکهاتە و چۆنیەتیی قەتاربەستنی دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکان بە پێی یاسا بڕگەسازییەکان لە چوارچێوەی زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، بەڵکو هەر زمانێك لە ڕوی دەنگناسییەوە کۆمەڵێك بنەما و دەستوری تایبەتیی خۆی هەیە، بە شێوەیەك ئەو چەپکە دەنگەی لە زمانێکدا دەبێتە وشە و بە بڕگەیەك دادەنرێت، ڕەنگە لە زمانێکی تر دو بڕگە بێت (موسا، 2016 (ب): 32) کەواتە؛ بڕگەی دەنگناسی تێکەڵەیەکە لە نەبزوێنەکان یان نەبزوێن و بزوێنەکان، کە لە دروستبونیدا لەگەڵ ڕێبازی زمان دەگونجێت و پشت بە چۆنیەتیی هەناسەدان دەبەستێت.

لەژێر ڕۆشنایی بڕگەی دەنگناسی، کۆمەڵێك یاسای زمانی دێنەکایەوە، بە تایبەتی ئەو دەستورانەی پەیوەندییان بە هێز و شوێنی هێز و درێژیی دەنگ و وەستان و چۆنیەتیی دابەشبونی فۆنیمەکانەوە هەیە، هەر بەپێی بڕگە داڕێژراون (فەتاح،2011: 77) چونکە لە زماندا بڕگە هەڵگری هێزە و گرنگیی هێزیش لەگەڵ بەکارهێنان و چۆنیەتی و جۆری بڕگەی زماندا دەردەکەوێت (وەیس،1984: 84) بە هۆی بڕگەی دەنگناسیەوە شوێن و چالاکیی فۆنیمەکانیش دەردەکەون، لەم بارەیەوە دی سۆسێر (Ferdinand de sausure) دەڵێتت: (بڕگە یەکەیەکی بنەڕەتییە، کە فۆنیم ئەرکی خۆی تێدا جێبەجێدەکات) (عمر، 1997: 286) بەم شێوەیە لە دروستەی بڕگەی دەنگناسیی زمانی کوردیدا، کۆمەڵێك پێوەر و مەرجی دیاریکراو بۆ ڕیزبون و دانەپاڵیەکی دەنگەکان دێنەئارا، کە بە (یاساکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕۆنانی بڕگە) یان (یاسا بڕگەسازییەکان) ناسراون و لە بەرانبەریدا لە زانستی دەنگناسیدا بە زاراوەی ڕێچکەدەنگ (Phonotactics) ناوبراوە، ئەو مەرج و یاسایانە دەگرێتەوە کە لە پەیڕەوی دەنگناسیی زماندا، ڕێگە بە ڕیزبون و چونەپاڵیەکی دەنگەکان دەدەن بۆ پێکهێنانی کەرەستەی زمانی گەورەتر لە خۆیان، بە جۆرێك دابەشبونی فۆنیمەکان لەناو مۆرفیم و وشەکاندا بەرزەفتەدەکەن (قادر،2008: 24). ئەوەی زۆر گرنگە توێژەری بڕگەسازی ئەرکی ئەوە نیە، یاساکانی پێکهاتەی بڕگە لە دەرەوەی بڕگە وەکو قاڵبێك دابڕێژێت، بەڵکو ئەرکی ئەوەیە چۆنیەتیی چونەپاڵیەکی ئەم دەنگانە، وەکو یاسایەکی سروشتی بدۆزێتەوە و یاساکان هەڵبهێنجێت، نەك یاسا و هاوکێشەکان لەخۆوە و بە لاسایی بڕگەسازیی زمانێکی تر دابڕێژێت و بەسەر زمانەکەی خۆیدا بیانسەپێنێت.

## 4-1- بڕگەسازی و ڕێنوس:

بڕگە ئەگەر لە (زمانی ئاخاوتن)دا دەنگەکانی زمان بۆ دروستکردنی کەرەستەی گەورەتر لە خۆی لێکبدات و ڕێکبخات و یەکێتی لە کردەی قسەکردن لە لایەنی گوتن و بیستن لەئەستۆبگرێت (حاجی مارف،2014: 57) ئەوا لە (زمانی نوسین)یشدا ئەگەرچی بڕگە دانەیەکی نوسین نیە، بەڵام بڕگە بەشداریدەکات لە خستنەپاڵ و ڕیکخستنی پیتەکان لە قاڵبی وشە و ڕستەکاندا. بێگومان ئەلفوبێی هەر زمانێکیش لەسەر بنەمای دانانی نیگاری فۆنیمەکانی دادەمەزرێت، وەلێ بڕگەسازیش وەکو بنەمایەکی سەرەکی و دەنگناسی لەپاڵ پێوەرە زمانەوانیەکانی تر، ڕۆڵێکی سەرەکی لە چۆنیەتی و شێوازی نوسینی وشەکانی زماندا دەگێڕێت (فەقێ ئەمین،2019: 417-418) بۆ چارەسەری ڕێنوس و دروستنوسینی وشەکانی زمانی کوردی، یاسا بڕگەسازییەکان وەکو پێوەرێکی زمانەوانی بەکاردەهێنرێن، بۆ نمونە لە جیاوازیی ڕێنوسی ئەم وشانەدا دیارە: (کۆتایەکان، کۆتاییەکان، کۆتاییەکان) و (خانوەکان، خانووەکان) و (لادێکان، لادێیەکان) و (بنەماکان، بنەمایەکان). هەورەها لە ئەلفوبێی لاتینیدا وەکو پێوەرێکی بڕگەسازی، ئەگەر بزوێنێکی تەواو لە وشەیەکدا نەبێت، کلکە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەنگێکی درێژکراوەی دەنگە نەبزوێنی یەکەم وەکو دەنگێك یان فۆنیمێکی بزوێن دانراوە و ناونراوە (بزرۆکە)، لە نوسینیشدا نیشانەی (i)یان وەکو پیت بۆ داناوە، بۆ نمونە لە وشەی (Mir\din)دا. سەرەڕای ئەمەش لە هەندێك زماندا بۆ فێرکردن و بە مەبەستی چۆنیەتیی گۆکردن (Pronunciation) و شێوازی نوسینی وشەکان، بڕگەسازی وەك ڕێساز (Technic)ێك بەکاردێت، بە تایبەتی ئەو زمانانەی جیاوازیی نێوان زمانی ئاخاوتن و زمانی نوسینیان زۆر بەرچاوە، وەکو نمونەی زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئەڵمانی (سدیق، 2017: 135).

لە زمانی کوردیدا پەیوەندیی نێوان زمانی ئاخاوتن و زمانی نوسین پەیوەندیەکی هاوتەریبە، بە واتایەکی تر؛ قسەکەر و نوسەری زمانی کوردی هەمیشە لە کردەی ڕێنوس و نوسیندا چاودێریی چۆنیەتیی گۆکردنی وشەکانی زمان دەکات، ئەمەش وایکردوە یاسا بڕگەسازییەکان ڕاستەوخۆ بگوازرێنەوە بۆ کردەی نوسین، هۆی ئەمەش ئەوەیە، کە قۆناغی دەستپێکردنی نوسینی زمانی کوردی بە ئەلفوبێی ئارامی و لاتینی، بە بەراورد بە مێژوی نوسینی زمانەکانی تر، مێژویەکی دور و درێژ نیە، بەڵکو بە نزیکەیی بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، ئەم مێژوە نزیکەش نەبوەتە هۆی دورکەوتنەوەی نێوان زمانی ئاخاوتن و زمانی نوسین (عەبدولعەزیز،2017: 134). لە سەرەتای ئەم مێژوەدا بە شێوەیەکی خۆڕسك و بەبێ پلان و بە لاسایکردنەوەی پەیڕەوی دەنگناسیی زمانی عەرەبی و فارسی، کۆمەڵێ تایبەتمەندیی بڕگەسازی و ڕۆنان و قاڵبی بڕگە بۆ نوسینی زمانەکەمان دەستنیشانکران، ئەگەرچی لە سەرەتادا هەست بە جیاوازیەکانی ڕێنوس نەدەکرا، یان گوێی پێنەدەدرا، چونکە مەبەست لە نوسینی زمانی کوردی هەر تێگەیشتن و خوێندنەوە بو، بەڵام بە تێپەڕبونی کات و دوبارەبونەوە و بەردەوامیی لە نوسیندا، لە قۆناغی دواتر ئەم یاسا بڕگەسازیانە وەك بنەما و پێوەر وەرگیران (زەندی، 2023: 141) ئەم یاسایانەش وەکو ماکێکی گەورە لەسەر ئەلفوبێ و ڕێنوسی زمانی کوردی مانەوە، تەنانەت زۆربەی زمانەوان و ڕێزماننوسان ئەم بنەمایانەیان وەك بیردۆزێك لەسەر زمانی کوردی جێبەجێکرد و لە توێژینەوە کوردیەکاندا بەکاریانهێنا. لێرەدا

سەرهەڵدانی بەشێکی ئاریشەی ڕێنوس و دروستنوسینی زمانی کوردی بۆ ئاریشەی بنەماکان یان یاسا بڕگەسازییەکان دەگەڕێتەوە، واتە؛ هەندێك لەم یاسایانە بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی و لەژێر ڕۆشنایی پێوەرە زمانەوانیەکاندا ئاریشەدارن و بەشێکن لە سەرچاوەی گرفتەکانی ڕێنوسی زمانی کوردی.

## 2- بەشی دوەم: چارەسەری ئاریشەکانی ڕێنوسی کوردی لە ئاستی بڕگەسازیدا

### 2-1- ئاریشەی بزوێنە سەرەکییەکان لە بڕگەسازیدا:

لە بڕگەی دەنگسازیی زمانی کوردیدا دو بزوێنی سەرەکی لە بڕگەیەکدا کۆنابنەوە، بۆیە ئەگەر وا ڕێککەوت دو بزوێن لە بڕگەیەکدا کۆببنەوە، ئەوا ناوبڕێکی نەبزوێن یان دولایەن لە نێوان هەردو فۆنیمە بزوێنەکە پەیدادەبێ، ئەم بنەمایەش زۆر جار لە ڕێنوسدا دەبێتە ئاریشە و وشەکان بە دو شێوەی جیاواز دەنوسرێن، بە مەبەستی چارەسەری و پێوەربەندی، دەکرێت بەم پێوەرانەی خوارەوە چارەسەربکرێن، بۆئەوەی نوسینێکی هاوبەش لە ڕێنوسی ئەم وشانەدا پەیدابببێت:

**یەکەم:** لە دۆخی تاکی نەناسراودا، کاتێك مۆرفیمی {ێك-ەك}ی نەناسراوی، بە کۆتایی ئەو وشانەی کە بە بزوێنە سەرەکییەکان کۆتاییان هاتوە، دەلکێ، ئەوا هەمیشە ناوبڕی نیمچە بزوێنی (ی) لە نێوانیان پەیدادەبێ و پێوستە لە ڕێنوسدا فەرامۆش نەکرێت، بۆ نمونە:

- با+ ی+ ێك/ ەك= /با/یێك/، /با/یەك/
- مامۆستا+ ی+ ێك/ ەك= /ما-مۆس-تا-یێك/، /ما-مۆس-تا-یەك/
- دێ+ ی+ ێك/ ەك= /دێ-یێك/، /دێ-یەك/
- هەرمێ+ ی+ ێك/ ەك= /هەر-مێ-یێك/، / هەر-مێ-یەك/
- دۆ+ ی+ ێك/ ەك= /دۆ-یێك/، / دۆ-یەك/
- گەزۆ+ ی+ ێك/ ەك= /گە-زۆ-یێك/، /گە-زۆ-یەك/
- شە+ ی+ ێك/ ەك= /شە-یێك/، /شە-یەك/

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- شوشە+ ی+ ێك/ ەك= /شو-شە-یێك/، /شو-شە-یەك/

ئەگەر سەرنجێکی وردی زمانی ئاخاوتنی کوردی بدرێت، دەبینین مۆرفیمی {ێك}ی نەناسراوی، زیاتر لەگەڵ ئەو وشانە بەکاردێت، کە بە پیتی نەبزوێن کۆتاییان هاتوە، بەڵام مۆرفیمی {یەك} زیاتر لەگەڵ ئەو وشانەدا دەردەکەوێت، کە بە پیتی بزوێن کۆتاییان هاتوە (بایز، 2020: 38) بۆ نمونە ئاخێوەری کورد دەڵێتت: (گوڵێك، مرۆڤێك، هەندێك، دەنگێك، سەردەمێك،...)، بەڵام لەگەڵ بزوێنەکاندا دەڵێت: (باخچەیەك، سەرەتایەك، کابرایەك، دۆیەك، هەرمێیەك، سەرچاوەیەك، ئەستێرەیەك، مامۆستایەك، بڕگەیەك،...)، بۆیە دەکرێت، وەکو بنەمایەکی ڕێنوس دابنرێت و لەگەڵ پیتە بزوێنەکانی کۆتایی وشە، کەڵك لە مۆرفیمی {یەك} وەربگیرێت، چونکە لە گۆکردن و نوسینیشدا ئاسانترە، بۆ نمونە:

- کورد(ێك)ی دڵسۆز، گوڵ(ێك)ی جوان، پێنوس(ێك)ی بەبڕشت، زمان(ێك)ی پاراو

- وشە(یەك)ی ڕەسەن، مامۆستا(یەك)ی گەورە، دۆ(یەك)ی کوردەواری، هەرمێ(یەك)ی خۆش

**دووەم:** لە دۆخی تاکی ناسراو یان کۆی ناسراودا، کاتێك مۆرفیمی ناسراوی {ەکە}، یان لەگەڵ مۆرفیمی کۆی {ان}، یان لەگەڵ پاشگری ژمارەی ڕێکخستن {ەم/ ەمین} بە کۆتایی وشەکان دەلکێن، ئەوا بۆ ڕێنوسێکی پێوەربەند، دەکرێ پشت بەم دو بنەمایە ببەسترێت، واتە؛ لە دو ڕوکاردا دەبن:

ا- ئەگەر وشەکان لە یەك بڕگە پێکهاتبون، ئەوا هەمیشە ناوبڕی نیمچە بزوێنی (ی)، لە نێوان وشەکە و مۆرفیمی ناسراویدا پەیدادەبێت و بزوێنی کورتی (ە)ی مۆرفیمی ناسراوی تێناچێت (لیژنەیەك، 2021 (ا): 81) پێویستە لە ڕێنوسدا فەرامۆش نەکرێت و بنوسرێت، بۆ نمونە:

خشتەی ژمارە (1): ڕێنوسی وشە یەك بڕگەییەکانی بزوێنە سەرەکییەکان

| وشەی یەك بڕگەیی | ناوبڕ | پاشگرەکان | لە بڕگەسازیدا | دروستەی ڕێنوس لە گرێدا |
|---|---|---|---|---|
| با | ی | ەکە+ ان | /با-یە-کە/، /با-یە-کان/ | بایە بەهێزەکان |
| ڕێ | ی | ەکە+ ان | /ڕێ-یە-کە/، /ڕێ-یە-کان/ | ڕێیە باریکەکان |
| دۆ | ی | ەکە+ ان | /دۆ-یە-کە/، /دۆ-یە-کان/ | دۆیە ترشەکان |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| شه | ی | هکه+ ان | /شه-یه-که/، /شه-یه-کان/ | شەیە بچوکەکان |
| ده | ی | هم | /ده-یه‌م/ | دەیەم کەس |

ب- ئەگەر وشەکان لە برگەیەك زیاتر پێکهاتبون، ئەوا ناوبرِی نیمچە بزوێنی (ی)، لە نێوان وشەکە و پاشگرەکان پەیدانابێت، بەڵکو بە یاسایەکی دەنگسازی بزوێنی کورتی (ه)ی مۆرفیمی ناسراوی توشی دیاردەی تێچون دەبێت (لیژنەیەك،2021 (ا): 81) چونکە هەر سێ بزوێنی (ا، یٚ، ۆ) لە بزوێنی (ه) درێژتر و دەرکەوتوترن، لەگەڵ بزوێنی (ه)ی وشەکانیش توشی دیاردەی گونجان دەبێت. لە ڕێنوسیشدا ناوبرِەکە، لە ڕوی ئابوریی زمانیدا و بە هۆی ئاسانی و بەفیرۆنەدانی وزەی کات و شوێن، هەروەها بە مەبەستی یەکخستن و یەکبون و گشتگیریی لە نوسیندا، وا سودبەخشترە نەنوسرێت، چونکە کاریگەری لەسەر واتای وشەکان نابێت و برگەیەکیش لە نوسیندا کەمتر دەبێتەوە، سەرەڕای ئەمەش ئاخێوەری کورد هەر بەم شێوەیە دەریدەبرِێت، بۆ نمونە کورد دەڵێت: (/بنه-ما-کا-نی/ زانستی ئابوری، /باخ-چه-کا-نی/ شاری هەولێر) نەك (/بنه-ما-(یه)-کا-نی/ زانستی ئابوری، /باخ-چه-(یه)-کا-نی/ شاری هەولێر). بەم شێوەیەی خوارەوە:

خشتەی ژمارە (2): ڕێنوسی وشە فرە برگەییەکانی بزوێنە سەرەکییەکان

| وشەی فرە برگەیی | پاشگرەکان | لە برگەسازیدا | دروستەی ڕێنوس لە گرێدا |
|---|---|---|---|
| یاسا | هکه+ ان | /یا-سا-که/، /یا-سا-کان/ | یاسا برگەسازییەکان |
| هەرمیٚ | هکه+ ان | /هه‌ر-میٚ-که/، /هه‌ر-میٚ-کان/ | هەرمیٚ خۆشەکان |
| پەڕۆ | هکه+ ان | /په-ڕۆ-که/، /په-ڕۆ-کان/ | پەڕۆ کۆنەکان |
| ئەستێرە | هکه+ ان | /ئه‌س-تێ-ره-که/، /ئه‌س-تیٚ-ره-کان/ | ئەستێرە بەرزەکان |
| پازدە | هم | /پاز-ده‌م/ | پازدەم چاپ |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 2-2- ئاریشەی پیتی <و> لە برگەسازیدا:

ئەو برگە و وشانەی بە فۆنیم یان پیتی دولایەن یان نیمچەبزوێنی <و> کۆتاییان هاتوە، ئەوا لە پێکهاتەی برگە و لێکداندا بۆ دروستکردنی وشە و گرێ، پێوستیی بە پەیدابونی هیچ ناوبرێك نیە، واتە؛ ئەم وشانەی لە کۆتاییدا هەڵگری ئەم دەنگەن، هەر مۆرفیم یان پاشگرێگی ڕێزمانی وەربگرن، کتومت لە ڕێنوسدا بەبێ پەیدابون و تێچونی پیت دەنوسرێن، چونکە لە پێرەوی دەنگاسیی زمانی کوردیدا تەنیا یەك فۆنیمی/و/ هەیە، لە ڕێنوسیشدا تەنیا یەك پیتی <و> بەهای هەیە و دەردەخرێت، لێرەدا فۆنیمی /و/ بزوێن یان نەبزوێن بێت، کورت یان درێژ گۆبکرێت، کاریگەری لەسەر ڕێنوسە پێوەربەندەکە نابێت، بۆ نمونە:

خشتەی ژمارە (3): پیتی <و> لە برگەسازیدا

| وشە | پاشگرەکان | لە برگەسازیدا | دروستەی ڕێنوس لە گرێدا |
|---|---|---|---|
| داو | ێك، ەك، ەکە، ان | /دا-وێك/، /دا-وەك/، /دا-وە-کە/، /دا-وە-کان/ | داوە درێژەکان |
| دو | ێك، ەك، ەکە، ەم، ان | /دوێك/، / دوەك/، /دوە-مە-کە/، /دوەم/، /دوان/ | خانەی دوەم |
| خانو | ێك، ەك، ەکە، ان | /خا-نوێك/، /خا-نوە-کە/، / خا-نوە-کان/ | خانوە گەورەکان |
| بەڕو | ێك، ەك، ەکە، ان | /بە-ڕوێك/، /بە-ڕوەك/، /بە-ڕوە-کان/ | بەڕوە شیرینەکان |
| سەرکەوتو | ێك، ەك، ەکە، ان | /سەر-کەو-توێك/، /سەر-کەو-تو‌ەك/، /سەر-کەو-توە-کە/، /سەر-کەو-توە-کان/ | مرۆڤە سەرکەوتوەکان |

نوسینی دو وێ (وو)/ واوی درێژ یان بە فۆنیم دانانی ئەم دەنگە، بە پێی یاسا برگەسازییەکان بۆچونێکی نازانستی و نادروستە، چونکە لە ڕوانگەی هەندێك زمانەوان و توێژەر (دەنگی [و] لە کۆتایی وشەدا و پاش نەبزوێن دەبێت بە پیتی <وو> بنوسرێت) (هاشمی،2021: 14) یان دەگوترێت: (زۆر کەس دەیەوێ بە یاسایەك ئەوەی بۆ چارە ببێت، هیچ یاسایەکی کۆنکریتی نیە، زیاتر ناسینەوەکە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەنگییە) (شابان،2020: 38-39) بۆ نمونە وشەکانی: (خانوو، دوو، شوو، ڕوو، زوو،...)، ئەم بۆچونانەش بە پێی بڕگەی دەنگاسیی کوردی نادروستن، بەم بەڵگانە:

1- هەر کاتێك مۆرفیمە ڕێزمانییەکان بۆ ئەو وشانە زیاددەکرێت، ئاریشەکە سەرهەڵدەدات، بۆ نمونە:

- دوو+ ان/ ەم= /دووان/، /دووەم/
- ڕوو+ ەکە= /ڕووە-کە/
- هەموو+ ان= /هە-مووان/
- دەزوو+ ێك= /دە-زووێك/
- مردوو+ ەك+ ان= /مر-دووە-کان/

لێرەدا نادروستی و ئاریشەی ئەم ڕێنوسە بە ڕونی دیارە، چونکە بە پێی یاساکانی بڕگەسازی، نابێت دو بزوێن لە یەك بڕگەدا هەبێت، هەردو وشەی (دووان، دووەم) یەك بڕگەیین، وشەکانی (ڕووەکە، هەمووان، دەزووێك) دو بڕگەیین، وشەی (مردووەکان)یش سێ بڕگەیە، لە بڕگەکاریدا دەبینین دو بزوێن لە یەك بڕگەدا هاتون و ئەمەش پێچەوانەی یاساکانی دەنگاسیی کوردییە.

2- بۆچونێکی تر لەم بارەیەوە پەیدادەبێت، گوایە لە ئەنجامی بەیەکگەیشتنی بزوێنی وێی درێژ (وو) و بزوێنی مۆرفیمە ڕێزمانییەکان، ئەوا بزوێنی (وو)ی درێژ دەگۆڕێت بۆ (و)ی کورت و نیمچە بزوێنی (و) لە نێوان هەردو بزوێنەکە زیاددەبێت (لیژنە،2021 (ب): 24)، بۆ نمونە:

- دوو+ و+ ەم= /دو-وەم/
- بەڕوو+ و+ ێك= /بە-ڕو-وێك/
- شاتوو+ و+ ەکە= /شا-تو-وە-کە/
- دەرچوو+ و+ ەکە+ ان= /دەر-چو-وە-کان/

ئەگەر سەرنجی ئەم وشانە بدەین، دەبینین بە پێی گۆکردن و تەوژمی هەوای ناو سییەکان، وشەی (دووەم) تەنیا یەك بڕگەیە (ن+ن+ب+ن) نەك دو بڕگە، وشەی (بەڕووێك) تەنیا دو بڕگەیە و هەردو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وشەی (شاتووەکە، دەرچووەکان)یش تەنیا سێ برگەن نەك چوار برگە، واتە؛ بۆ سەلماندن و بونی فۆنیمی /وو/، بە خورتی برگەیەك لە پێکهاتەی وشەکاندا زیادکراوە، لە لایەکی ترەوە هیچ یاسایەکی دەنگناسیی کوردی نیە، کە بزوێنە درێژەکانی تر (ا، ێ، ۆ) بە هۆی ناوبڕی کورتی (و)، بگۆڕێن و کورتببنەوە، بە واتایەکی تر؛ ئەگەر ئەم فۆنیمە بزوێنێکی درێژ بێت، ئەوا نابێت کورتببێتەوە، سەرسوڕمانیش ئەوەیە کە کورتکردنەوەکە لە ڕێنوس ڕودەدا و دەردەکەوێت، واتە؛ لە بری نوسینی فۆنیمێکی تەواو، نیو فۆنیم دەنوسرێت، چونکە دو وێ (وو) دەبێتە یەك وێ (و).

3- ئەگەر بۆچونی ئەوەش سەرهەڵبدات، کە دەبێ بە سێ وێ (ووو) بنوسرێت، بێگومان ئەمەش بۆچونیکی نازانستییە، چونکە لە زمانی کوردیدا هەرگیز پیتێك سێ جار لە تەك یەك گۆناکرێت و نانوسرێت، ئاریشە برگەسازییەکەش وەکو خۆی دەمێنێتەوە، واتە؛ برگە زیادکراوە خورتییەکە، هەر لە پێکهاتەی وشەکاندا دەمێنێتەوە، بۆ نمونە:

- /دوو-وەم/
- /خا-نوو-وە-کان/
- /بە-ڕوو-وێك/
- /هە-موو-وان/

کەواتە؛ بەم پێوەرە زمانەوانیانە، نوسینی دو واو (وو) لە هەر دو لایەنی ئەلفوبێ و برگەسازیدا هەڵەیەکە پەیرەوکراوە (ڕەسوڵ،2023 (ا): 174) بۆیە وەکو چارەسەری ئەم ئاریشەیە، بە پشتبەستن بە ڕاستیەکانی پێرەوی دەنگناسیی کوردی و بە مەبەستی پەیرەوکردنی ڕێنوسێکی یەکگرتو و پێوەربەند، هەروەها بەفیرۆنەدانی کات و شوێن لە نوسیندا، بە بۆچونی هەندێك توێژەر (فۆنیمی /و/ لە هەمو وشەکاندا تەنیا بە یەك پیت و بە شێوەی <و> بنوسرێت) (ڕەسوڵ،2015: 90). لەگەڵ ئەوەشدا لە نوسینی (شەش چاوگی واوی)، دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکرێت، دو فۆنیمی /و/ لەتەك یەکتری

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەنوسرێن، واتە؛ وەکو دو فۆنیمی سەربەخۆ دەردەکەون، یەکێکیان هی ڕەگی کارەکەیە و ئەوەی دیکەیان مۆرفیمی کاتی ڕابردوە، وەك ئەم خشتەیەی خوارەوە (ڕەسوڵ، 2015: 90):

خشتەی ژمارە (4): ڕێنوسی چاوگە واویەکان

| چاوگە واویەکان | ڕەگی چاوگ | مۆرفیمی ڕابردو | (ن)ی چاوگ |
|---|---|---|---|
| بون | بـ | و | ن |
| چون | چـ | و | ن |
| جوون | جو | و | ن |
| دروون | درو | و | ن |
| سوون | سو | و | ن |
| فەرموون | فەرمو | و | ن |
| گروون | گرو | و | ن |
| هەنوون | هەنو | و | ن |

**2-3- ئاریشەی پیتی <ی> لە بڕگەسازیدا:**

فۆنیم و پیتی یێ <ی> لە کۆتایی بڕگە و وشەکاندا، لە چەند دۆخێکدا بە تایبەتی لە کاتی وەرگرتنی پاشگرە ڕێزمانیەکاندا، بە شێوەی جیاواز دەنوسرێت، بەمەش ئاریشە و جیاوازی لە ڕێنوسدا پەیدادەبێت. بۆ ڕێنوسێکی پێوەربەند، پیتی <ی> دولایەن یان نیمچەبزوێن لە کاتی وەرگرتنی پاشگرە ڕێزمانیەکاندا، پێویستی بە ناوبڕی نیمچە بزوێنی (ی) نابێت، بەڵکو بە ڕەوانی پاشگرەکانی پێوەدەلکێنرێت، چونکە دانان و دانەنانی ئەم ناوبڕە نابێتە هۆی گۆڕانی واتا و بڕگەکانی هەر وشەیەکیش کەمتر دەبنەوە، لە لایەکی ترەوە لە گۆکردنیشدا هەر بەم شێوەیە گۆدەکرێت، بۆ نمونە ئاخێوەری کورد بە یەك بڕگە و بە قاڵبی (ن+ن+ب+ن) دەڵێت: /سیەم/، نەك بە دو بڕگە /سیـ-یەم/، لە ڕوی ڕێنوسیشەوە هەر بەم جۆرە ئاسانتر و بێ ئاریشەترە، چونکە ڕێنوسێکی پێوەربەند دەچەسپێت، وشەکە بە پیتی <ی>، یان بە پاشگری {ی}، تەنانەت بە پاشگری {یی}ش کۆتایی بێت، ئەوا کاریگەری لەسەر ڕێنوسەکە نابێت، بۆ نمونە لەم وشانەدا دەردەکەوێ:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە (5): پیتی <ی> لە بڕگەسازیدا

| وشە | پاشگرەکان | لە بڕگەسازیدا | دروستەی ڕێنوس لە گرێدا |
|---|---|---|---|
| بی | ێك، ەك، ەکە، ان | /بییێك/، /بیەك/، /بیە-کە/، /بیە-کان/ | بیە بەرزەکان |
| کانی | ێك، ەك، ەکە، ان | /کا-نییێك/، /کا-نیەك/، / کا-نیە-کە/، /کا-نیە-کان/ | کانیە سازگارەکان |
| جوانی | ێك، ەك، ەکە، ان | /جوا-نییێك/، /جوا-نیەك/، /جوا-نیە-کە/، /جوا-نیە-کان/ | جوانیەکانی ژیان |
| شنۆیی | ێك، ەك، ەکە، ان | /شنۆی-یێك/، /شنۆی-یەك/، /شنۆی-یە-کە/، /شنۆی-یە-کان/ | شنۆییەکانی کوردستان |
| ئامادەیی | ێك، ەك، ەکە، ان | /ئا-ما-دەی-یێك/، /ئا-ما-دەی-یەك/ /ئا-ما-دەی-یە-کە/، /ئا-ما-دەی-یە-کان/ | قوتابخانە ئامادەییەکان |
| سی | ەم/ ەمین | /سیەم/، /سیە-مین/ | سیەم پیاو/ گەڕی سیەمین |

نوسینی ئەم وشانە بە پێوەر و یاسا بڕگەسازییە نەریتییەکە، کە گوایە: (ئەگەر ناوێك بە پیتی بزوێنی (ی) کۆتایی بێت، بۆئەوەی بزوێنی وشەکە و ئامرازەکە یەکنەگرن، ئەوا لە نێوان ناو و نیشانەکەدا نیمچە بزوێنی (ی) سەرهەڵدەدات) (مەحەمەد، 2019: 31) تەنیا بڕگەیەك بە هۆی ناوبڕی نیمچە بزوێنی (ی) زیاددەکرێت، بەبێ ئەوەی واتای وشەکان بگۆڕێت، ئەمەش ئاڵۆزکردن و گرانکردنی ڕێنوس و سەرلێشێواندنی نوسەر و خوێنەرانە، چونکە ئەو وشانەی بە پاشگری (یی) کۆتاییان دێت، لێرەدا دەبێت بە سێ یێ (ییی) بنوسرێن، بۆ نمونە: (مێژوییییەکان، ئاوایییەکە، خۆجێییەکان) (شابان، 2019: 41) بەم شێوەیەش ڕێنوسێکی پێوەربەند لەم وشانەدا ناچەسپێت و کرداری فێرکردن و ڕاهاتنیش زۆر قورسدەکات، وەك لەم وشانەدا پیشاندراوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە (6): زیادبونی بڕگە لە ڕێنوسدا بە هۆی ناوبڕی (ی)ەوە

| وشە | پاشگرەکان | ناوبڕ | لە بڕگەسازیدا |
|---|---|---|---|
| بی | ێك، ەك، ەکە، ان | یـ | /بیـ-یێك/، /بیـ-یەك/، /بیـ-یە-کە/، /بیـ-یە-کان/ |
| کانی | ێك، ەك، ەکە، ان | یـ | /کا-نیـ-یێك/، /کا-نیـ-یەك/، / کا-نیە-کە/، /کا-نیە-کان/ |
| جوانی | ێك، ەك، ەکە، ان | یـ | /جوا-نیـ-یێك/، /جوا-نیـ-یەك/، /جوا-نیـ-یە-کە/، /جوا-نیـ-یە-کان/ |
| شنۆیی | ێك، ەك، ەکە، ان | یـ | /شنۆ-ییـ-یێك/، /شنۆ-ییـ-یەك/، /شنۆ-ییـ-یە-کە/، /شنۆ-ییـ-یە-کان/ |
| ئامادەیی | ێك، ەك، ەکە، ان | یـ | /ئا-ما-دە-ییـ-یێك/، /ئا-ما-دە-ییـ-یەك/ /ئا-ما-دە-ییـ-یە-کە/، /ئا-ما-دە-ییـ-یە-کان/ |

کەواتە؛ چارەسەری و پێوەری نوسینی فۆنیمە دولایەن یان نیمچە بزوێنەکانی (و) و (ی) لە بڕگەسازی و نوسزمانی کوردیدا لەسەر دو بنەما بەندە (ڕەسول، 2023 (ب) ):

ا- هەر کاتێك دەنگە بزوێنەکان (ا، ۆ، ێ، ە)یان لەتەك هات، ئەوا خۆیان دەبن بە نەبزوێن، ئەگەر لە بڕگەیەکیشدا بزوێنیان لەتەك نەبێت، خۆیان دەبن بە بزوێن، بۆیە پێیان دەوترێت: نیمچەبزوێن.

ب- هەر کاتێك بزوێنێکیان بخرێتە تەك، ئەگەر بزوێنیش بن، دەبن بە نەبزوێن، نەك ناوبڕ و بڕگەیەکی زیادەیان بۆ زیادبکرێت، بۆ نمونە:

- ن= نەبزوێن، ب= بزوێن
- /بی/: (ن+ ب) ⟵ /بیە/: (ن+ن+ ب) بەرزەکان
- /چی/: (ن+ ب) ⟵ /چیە/: (ن+ ن+ ب)
- /کا- نی/: (ب+ ن- ن+ب) ⟵ /کا- نیێك/: (ن+ ب- ن+ ن+ ب+ ن)
- /دو/: (ن+ ب) ⟵ /دوەم/: (ن+ ن+ ب+ ن)
- /هە- مو/: (ن+ ب- ن+ ب) ⟵ /هە-موان/: (ن+ ب- ن+ ن+ ب+ ن)
- /بە- ڕو/: (ن+ ب - ن+ ب) ⟵ /بە- ڕوە- کان/: (ن+ ب- ن+ ن+ ب- + ن+ ب+ ن)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**4-2- ئاریشەی دەنگی هەمزە [ئـ] لە بڕگەسازیدا:**

بە بۆچونی بەشێکی زۆری زمانەوانان لە کۆن و نوێدا بە لاساییکردنەوەی بڕگەسازیی عەرەبی، وەکو یاسایەکی سەرەکیی بڕگەسازی و ڕێنوسی ئەلفوبێی ئارامی، پیتی بزوێن لە سەرەتای بڕگەدا نایێت (ئەمین،2022: 56) بەڵکو سەرەتای هەمو بڕگەیەك بە نەبزوێن دەستپێدەکات (عەلی،2014: 181) ئەگەر بزوێنەکانیش لە سەرەتای بڕگەدا دەرکەوتن، ئەوا نانوسرێن، بەڵکو نەبزوێنێك بە نیگاری <ئـ> لە پێش بزوێنەکان دەکێشرێت، کە بە (هەمزە و کورسی) ناسراوە (سدیق، 2017: 139) ئەم بۆچونەش دو ئاریشەی لە ڕێنوسدا دروستکردوە:

**یەکەم:** پەیدابونی یاسایەکی بڕگەسازی، کە لە بڕگەی دەنگناسیی زمانی کوردیدا، پیتە بزوێنەکان بە تەنیا ناتوانن بڕگە پێکبهێنن (فەتاح، 2011، 82).

**دوەم:** دانان و زیادکردنی پیتێك وەك یەکەم پیتی ئەلفوبێی ئارامی (ڕۆحانی، 2020: 1) کە دەنگە و بەها و پلەی فۆنیمی نیە.

سەرهەڵدان و فەلسەفەی ئەم بۆچونە و دانانی دەنگی هەمزە [ئـ] بە فۆنیم و پیت، بۆ دو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە:

**یەکەم:** زمانەوان و ڕێزماننوسەکان لە دەیەی دوەم و سێیەمی سەدەی ڕابردودا لەژێر کاریگەری و لاسایکردنەوەی پەیڕەوی دەنگناسیی زمانی عەرەبیدا، پیت و نیگاریان بۆ دەنگی هەمزە [ئـ] داتاشیوە، چونکە ئەم دەنگە لە زمانی عەرەبیدا پلە و نرخی فۆنیمی هەیە، لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییدا دەردەکەوێ و وشەگۆڕە، وەك لە وشەکانی (أنا، بئر، ماء)دا دیارە (حەمەد، 2016: 53) وەکو بەڵگەیەکی مێژویی بەر لە ساڵی (1919)دا وێنە و نیشانەی دەنگی هەمزە [ئـ] نابینرێت، بەڵکو دواتر لەژێر کاریگەری سەر (فتحة) و بۆر (ضمة) و ژێر (کسرة)ی زمانی عەرەبیدا، سەرەتا لە شێوەی (أ) و پاشان (ئـ) لە ڕێنوس و ئەلفوبێی چەپچینی ئارامیدا پەیدابوە، بەر لە پەیدابونی پیتی <ئـ>، لە وشەکانی هەڵگری ئەم دەنگە، ئەوا (ئـ) هەر بە (ا) دەنوسرا، وەکو: (اشکێنێ، هەڵ اکوتێتە، اکا، اکەن،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

اوانیان، اوەی، ادەین، اهێنن، ایاندا) (حاجی مارف، 1986: 40) هەروەها لە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) لە ساڵی (1918)دا، وەك یەكەمین ڕۆژنامەی كوردی لە عێراق و پاشان ڕۆژنامەی پێشكەوتنیش لە ساڵی (1920)دا، نیگاری (ئـ) بەرچاوناكەوێت (حاجی مارف، 1986: 39).

**دووەم:** لە قۆناغی دانانی ئەلفوبێی كوردی و نیگاری پیتەكان، جیاوازیی نەكراوە لە نێوان دەنگ و فۆنیم و پیت، بەڵكو مەبەست لە دەنگ هەر پیت بوە و بە یەك واتا بەكارهێنراوە (سەعید، 2011: 52) ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە زانستی زمان بەم شێوەیەی ئێستا گەشەسەندو نەبوە، هەروەها بیردۆز و زانیاری و ڕاستیەكانی زمان، بە تایبەتی بیردۆزی فۆنیم، نەگەیشتبون بە توێژەران و نوسەرانی كورد، بۆیە بەبێ پێوەرە زمانەوانییەكان و بەبێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەكانی زمانی كوردی، تەنیا بە لاسایی ڕێنوس و زمانی زاڵی عەرەبی، كە زمانێكی پیرۆزكراو و خزمەتكراو و بەكارهاتو بو، ئەلفوبێی كوردییان داڕشتوە. لێرەدا و دوای دانانی دەنگی هەمزە [ئـ] بە فۆنیم و پیت، وایكرد كە زمانەوانان و نوسەرانی دواتر ئەمە وەك بیردۆز و تایبەتمەندیی زمانی كوردی وەربگرن، كە گوایا لە پێڕەوی دەنگناسیی زمانی كوردیدا دەنگی بزوێن لە سەرەتای بڕگە و وشەدا نیە و نایێت، بەڵكو هەمو بڕگە و وشەكانی زمانەكەمان بە نەبزوێن دەستپێدەكەن.

لە زمانی كوردیدا وەك زۆربەی زمانە هیندۆئەوروپیەكان، بزوێن لە سەرەتای بڕگەدا دەردەكەوێت، بۆ نمونە لەم وشانەی خوارەودا:

- **بزوێنی (ا):** [ئـ]اش، [ئـ]اسن، [ئـ]ارا
- **بزوێنی (ۆ):** [ئـ]ۆخەی، [ئـ]ۆف، [ئـ]ۆڵ
- **بزوێنی (ێ):** [ئـ]ێش، [ئـ]ێرە، [ئـ]ێستا
- **بزوێنی (ی):** [ئـ]یش، [ئـ]یتر، [ئـ]ینجا
- **بزوێنی (ە):** [ئـ]ەستێرە، [ئـ]ەسپ، [ئـ]ەرك
- **بزوێنی (و):** [ئـ]ومێد، [ئـ]وتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەنگی هەمزە [ئـ]، کە وەکو پیتێك لە پێش پیتە بزوێنەکان دانراوە، تەنیا دیاردەیەکی زمانیی یاریدەدەرە و فۆنیم نیە، تەنیا لەو کاتانەدا پەیدادەبێت کە دەنگێکی بزوێن دەکەوێتە سەرەتای بڕگەیەك یان وشەیەك، چونکە لە کاتی گۆکردنی دەنگە بزوێنەکاندا، دەم کراوەیە و هەوا بەبێ هیچ بەربەستێك لە دەمی قسەکەر دێتە دەرەوە، ئەگەرچی بزوێنەکان گڕن و تاڵە ژێیەکان دەلەرێنەوە، وەلێ ئەم لەرینەوەیە هیچ بەربەستێك لە ڕێی دەرچونی هەوا دروستناکات، بۆیە کاتێ دەنگێکی بزوێن دەکەوێتە سەرەتای بڕگە، پێویستیی بە بەربەستێك دەبێت، تا هەواکە بگرێتەوە و ڕێگەنەدا، لەم کرانەوەی دەمە، هەوا بێتە دەرەوە، ئەگەرنا پێش ئەوەی قسەکەر دەست بە گۆکردنی وشەکە بکات، ئەوا هەوای پەنگخواردوی سیەکانی دێتە دەرەوە و وشەکەی پێ تەواوناکرێت و بەم پێیەش کرداری دەربڕین و قسەکردنیش زۆر گران دەبێت (ڕەسوڵ، 2015: 84).

ئەم دەنگە وەك دیاردەیەکی دەنگسازی لە زمانەکانی تریشدا دەبینرێت، چونکە لە زۆربەی زمانەکاندا، ناتوانرێت بزوێن لە سەرەتای وشەوە گۆبکرێت، وەکو زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و عەرەبی، بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا، وشەکانی (Egg, Able, Orange) بە شێوەی خوێندنەوەی (ئێگ، ئەیبڵ، ئۆرەنج) گۆدەکرێن، کە بە بزوێنەکانی (E, A, O) دەستیانپێکردوە و لە سەرەتای هەر یەکێکیان (ئۆ، ئە، ئێ) هەیە. لە زمانی ئەڵمانیشدا، وشەکانی (acht, und, ich) بە شێوەی خوێندنەوەی (ئیش (من)، ئوند (وە)، ئاخت (هەشت))، گۆدەکرێن و لەسەرەتا هەر یەکێکیان هەست بە بونی دەنگی هەمزە [ئـ] دەکرێت، لە شێوەی (ئیـ، ئا، ئو) (عەلی،2020: 273) بەڵام لەم دو زمانەدا دەنگی هەمزە [ئـ] پلەی فۆنیمی نیە و بەبێ ئەوەی هیچ هێمایەکی لە ئەلفوبێی ئەو دو زمانەدا هەبێت. لە زمانی عەرەبیشدا، کە دەنگی هەمزە [ئـ] پلەی فۆنیمی هەیە، لە وشەکانی (أَلَمْ، أُدْرُسْ، إِمّا) لە سەرەتای هەر یەکێك لەم وشانە دەنگی هەمزە [ئـ] بونی هەیە، لە شێوەی (ئەلەم، ئودروس، ئیمما) گۆدەکرێن، کە بە هۆی بزوێنەکانی (فتحة، کسرة، ضمة) دەستیانپێکردوە (عەلی،2020: 274) کەواتە؛ دەنگی هەمزە [ئـ] دەنگێکە نەك فۆنیمێك، ئەرکێکی دەنگسازی هەیە، تەنیا لەگەڵ بزوێنەکاندا دەردەکەوێت و بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرتنەوەی هەوا بە ناچاری وەکو دەمگرێك (Valve) دروستدەبێت (ڕەسوڵ، 2015: 8) بۆیە لە زمانی کوردیدا بە (هاوەڵبزوێن) ناودەبرێت و لە زمانی ئینگلیزیدا بە دەنگی وەستاوی قوڕگ (Glottal Stop) و لە زمانی ئەڵمانیدا بە بزوێنهەڵگر (Vokalträger) ناسراوە (عەلی،2020: 262) بەم شێوەیە لە زۆربەی زمانە هیندۆئەوروپیەکان ئەم دیاردە دەنگسازیە بەدیدەکرێت، بەڵام لە زمانە سامیەکاندا بە تایبەتی زمانی عەرەبی چالاکیی زیاترە و بە شێوەیەکی فراونتر بەکاردێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە زۆربەی زمانەکان بە (پیت) دانەنراوە، تەنیا لە نوسینی دەنگسازیدا (IPA) هێمای (ʔ) بۆ دانراوە (أنيس، 1975: 89) لە زمانی عەرەبیدا هەڵەکە لەوە ڕویداوە، ئەگەرچی سەر و ژێر و بۆرەکان فۆنیم و پیتن، بەڵام بە جوڵە (حَرَكة) دانراون و بە فۆنیم و پیت دانەنراون و لە بری ئەمانە کاتێك لە سەرەتادا هاتون، هەمزەیان بە فۆنیم و پیت داناوە، زمانی کوردیش لە داڕشتەی ئەلفوبێیدا، لاسایی ئەم هەڵەی کردوەتەوە (ڕەسوڵ، 2021).

بەم ئەنجامە لە بڕگەی دەنگناسیی زمانی کوردیدا، بزوێنەکان دەتوانن بڕگە دروستبکەن، لە بڕگەی دەنگناسیشدا (هێما تەنیا بۆ ئەو دەنگانە دادەنرێت، کە فۆنیمن، دەنگی هەمزەش [ئـ] فۆنیم نیە و لە نوسینەوەی قاڵبی بڕگەدا هێمای بۆ دانانرێت) (ئیسماعیل، 2013: 132). هەروەها لە ئەلفوبێی لاتینیدا ئەگەرچی هەمان زمان و دەنگ و کەرەسە و وشە و پەیڕەوی دەنگناسییە، کەچی بزوێنەکان لە سەرەتای بڕگە و وشەکاندا دەنوسرێن و دەنگی هەمزە [ئـ] نابینرێت (ژاکاو، 1399: 55.) چونکە لەم ئەلفوبێیەدا، کە لەسەر ئەلفوبێیەکەی (جەلادەت بەدرخان) بنیادنراوە، لە بنەڕەتەوە پیت و نیگار بۆ هەمزە (ئـ) دانەنراوە. بایەخنەدانی ئەم ئەلفوبێیەش بە دەنگی هەمزە [ئـ]، نەزانینێکی زانستی و زمانی نیە، بەڵکو (ئەوەیە کە هەمزە دەنگە و فۆنیم نیە، پیتیش تەنیا بۆ ئەو دەنگانە دادەنرێت کە فۆنیمن) (عەلی،2020: 276) کەواتە؛ لە ڕێنوسی ئەم ئەلفوبێیەدا دەنگە بزوێنەکان لە سەرەتای بڕگە و وشەدا دەنوسرێن، بەم شێوەیە خوارەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە (7): بزوێنەکان لە سەرەتای بڕگەدا

| ئەلفوبێی ئارامی | ئەلفوبێی لاتینی |
|---|---|
| /ا-سان/ | /A-san/ |
| /ا-گر/ | /A-gr/ |
| /ۆل/ | /Ol/ |
| /ۆ-خەی/ | /O-xey/ |
| /ێش/ | /Êş/ |
| /ێ-خە/ | /Ê-xe/ |
| /ی-دی/ | /Î-dî/ |
| /ین-جا/ | /În-ca/ |
| /ئو-تی/ | /U-tî/ |
| /و-مێد/ | /U-mêd/ |
| /ەسپ/ | /Esp/ |
| /ە-وە/ | /E-we/ |

## 5-2- ئاریشەی دەنگی بزرۆکە (i - ɨ) لە بڕگەسازیدا:

بزرۆکە ئەو کلکە دەنگەیە، درێژکراوەی ئەو فۆنیمە نەبزوێنانەیە کە دەکەونە پێش نەبزوێنێکی تر. ئەم کلکە دەنگە لە کۆتایی هەمو فۆنیمێك هەیە، واتە؛ دەکەوێتە نێوان هەمو دو فۆنیمێك بە بزوێن بن، یان نەبزوێن، چونکە بریتییە لە ئەو بڕە هەوایەی لە نێوان گۆڕینی دەرچەی دو فۆنیم پەیدا دەبێت (ڕەسوڵ، 2023 (ب) ) ئەمەش لە ئامێرەکانی پێوانی دەنگ زۆر بە وردی و بە ڕون و ئاشکرایی دەردەکەوێت و بڕی کورت و درێژی و گڕ و کپییەکەی نیشاندەدرێت، بەڵام لە بڕگەسازیی نەرێتیدا، تەنیا تیشك خراوەتەسەر ئەو کلکە دەنگەی دەکەوێتە نێوان نەبزوێنەکان، بۆ ئەوەی یاسای هاوکێشە بڕگەسازییەکە تێکنەچێت، واتە؛ هەمو فۆنیمێك ئەو کلکە دەنگەی هەیە و بە پێی جۆری فۆنیمەکە (کورتی و درێژی)، (بزوێنی و نەبزوێنی)، (گڕی و کپی)ەکەی دەگۆڕێت و درێژکراوەکەی هەمان فۆنیمەکەی خۆیەتی و یەك جەستەن و جیاناکرێنەوە (ڕەسول، 2021). بە بۆچونی بەشێکی تر لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زمانەوان و توێژەران، بزرۆکە ئەو کورتە دەنگەیە، دەکەوێتە نێوان دو نەبزوێن، ئەگەر بزوێنە سەرەکییەکان و نیمچەبزوێنەکان (ا، یٚ، ۆ، ە، ی، و) لە نێوانیاندا نەبن (موسا، 2016 (ب): 38)، بۆ نمونە لە وشەکانی: (من، ژن، دڵ، کن، دڕ، پرچ، گرت، مشت، زبڵ، بسك،...) ئەمەش تەنیا لە ناوەڕاستی بڕگەدا ڕودەدات و لە سەرەتا و کۆتایی بڕگەکاندا بونی نیە و دەرناکەوێت، بۆ نمونە لە بڕگەی /من/دا، لە هەردو دەنگی [م] و [ن] هەوا لە لوت دەردەچێت، بەڵام لە (م)دا جوتبونی لێوەکان ڕێگە لە هەوای دەم دەگرێ و لە (ن)دا جوتبونی پێشەوەی زمان و پێشەوەی مەڵاشو ڕێگەی هەوای دەم دەگرێت، بۆیە تا قسەکەر لێوەکان لێکدەکاتەوە و پێشەوەی زمانی بەرزدەکاتەوە بۆ پێشەوەی مەڵاشو، نەختێك هەوا لە میانەی ئەم کردارەدا دزەدەکات و لە دەم دەردەچێت، بەم بڕە هەوایەش دەنگی بزرۆکە پەیدادەبێت (ڕەسول،2015: 263).

لە دەنگسازیی تاقیگەییشدا بون و دەرکەوتنی ئەم کورتە دەنگە وەك دیاردەیەکی دەنگسازی چەسپاوە، واتە؛ لە نێوان هەردو شەپۆلی دەنگی [ژ] و [ن] لە بڕگەی /ژن/دا، دەنگێکی تر بونی هەیە (وەیس، 1984: 72) ئەگەرچی شەپۆلی دوبارەبونەوی ڕێك لەخۆدەگرێت، بەڵام ماوەی خایەندراوی لە دەنگە بزوێنەکانی تر کورتترە، ماوەی خایەندراوی ئەم دەنگە (0،097)چرکەیە، کەچی بزوێنی (ە) لە ناوەڕاستی وشەدا (0،124) چرکە و بزوێنی (و) لە ناوەڕاستی وشەدا ماوەکەی (0،124) چرکە و بزوێنی (ی) ماوەی خایەندراوی (0،239) چرکەیە (فەرهادی،2013: 254) زۆری و کەمیی ئەو بڕە هەوایەش پەیوەستە بە دوری و نزیکیی سازگەی ئەو دەنگە نەبزوێنانەی کە بزرۆکەی تێدا بەرهەمدێت، تەنانەت ماکی ئەو نەبزوێنانەش وەردەگرێت، کە لە نێوانیاندا دەردەکەوێت، بە واتایەکی تر؛ لەگەڵ هێشوە کپەکاندا کپە و بێژێیە و لەگەڵ هێشوە گڕەکاندا گڕە و ژێدارە (موسا،2015: 10) بۆ نمونە لە بڕگەی وشەی /کپ/ دا کپە و لە بڕگەی وشەی /گڕ/دا گڕە، ئەمەش خۆی بەڵگەیە، کە ئەم دەنگە فۆنیم نیە.

هەرچەندە بزرۆکە وەك نمونەی دەنگی هەمزە [ئـ] دیاردەیەکی گشتییە نەك تایبەت بە زمانی کوردی، واتە؛ تەنیا دەنگێکە نەك فۆنیم، وەلێ لە زمانی کوردیدا بە فۆنیم دانراوە و پیتی بۆ کێشراوە. لە ئەلفوبێی ئارامیدا، ئەگەرچی پیت و نیگاری نیە، بەڵام بە فۆنیم دانراوە و خراوەتە ڕیزی پیتەکانی تر (عەلی،2015: 79) و بە هەشتەم بزوێنی کوردی هەژمارکراوە (ژاکاو،1399: 141) بەڵکو زۆر جاریش بانگەشە یان هەوڵدراوە پیت و نیگاری بۆ بکێشرێت، بەڵام سەرکەوتو نەبووە (سدیق، 2017: 140) لە لایەکی ترەوە؛ لە ئەلفوبێی لاتینیدا لەسەر بناغەی ئەلفوبێیەکەی (جەلادەت بەدرخان)، پیت و نیگاری <i> بۆ کێشراوە (Badirxan,2012: 11)، بەمەش دو ئاریشە لە ڕێنوسدا سەریانهەڵداوە:

**یەکەم:** ئاریشەی داڕشتنی یاسایەکی گشتی لە ئاستی بڕگە سازیدا، کە بڕگەی دەنگناسیی کوردی بەبێ بزوێن دروستنابێت (فەتاح،1982: 250- 251) ئەمەش وایکردوە، بزوێنێکی نازانستی بە خورتی لەگەڵ نەبزونێك یان لە نێوان دو نەبزوێندا دابنێن (موسا،2015: 10) واتە؛ گۆڕینی کلکە دەنگی کۆتایی فۆنیمەکان بە گشتی و نەبزوێنەکان بە تایبەتی، بۆ دەنگێکی سەربەخۆی بزوێن و ناونانی بە بزرۆکە. زمانەوانان ئەم ئاریشەیە بۆ کاریگەری و زاڵی و لاساییکردنەوەی زمان و ڕێنوسی زمانی عەرەبی و پاشان زمانی فارسی دەگەڕێننەوە، چونکە لە زمانی عەرەبی و فارسیدا بڕگە تەنیا بە نەبزوێن دەستپێدەکات و تەنیا شەش قاڵبی بڕگەش لەو دو زمانەدا هەیە، کە سەرجەمیان بە هۆی خستنەپاڵیەکی بزوێن و نەبزوێن بەرزەفتەدەکرێن (چەمەن ئارا، 2022: 73).

**دوەم:** دانانی پیتێك لە ئەلفوبێدا بۆ دەنگێك، کە پلەی فۆنیمی نیە، دەنگی بزرۆکە چ وەکو دەنگ یان پیت، بە دانان و دانەنانی واتا ناگۆڕێت، وەکو فۆنیمە بزوێنەکانی تر هەڵگری واتا و واتاگۆڕ نیە، واتە؛ لەگەڵ پێناسە و پێوەری فۆنیمبون ناگونجێت، چونکە فۆنیم (کورتترین دەنگە، بە دانان و لابردنی دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە، یان تێکدانی واتای وشە) (ڕەسوڵ، 2015: 203) بۆ نمونە لەم وشانەی خوارەوەدا بون و نەبونی واتا ناگۆڕێت، هەر نیگارێکی تریش بۆ ئەم کورتە دەنگە بنوسین، ئەوا واتا هەر وەك خۆیەتی، بەڵکو تەنیا ڕێنوسەکە ئاڵۆز و گرانتر دەکرێت:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە (8): ڕێنوسی لاتینی بەبێ پیتی بزرۆکە

| ئەلفوبێی ئارامی | ئەلفوبێی لاتینی بە (بزرۆکە) | ئەلفوبێی لاتینی بەبێ (بزرۆکە) |
|---|---|---|
| من | Min | Mn |
| بسك | Bisk, Bi-sik | Bsk |
| پرچك | Pirçik | Prçk |
| فرمێسك | Firmêsik | Frmêsk |
| برنج | Birinc | Brnc |

بە پشتبەستن بەم پێوەرە زمانەوانیانەی باسکران و بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی سروشتیی زمانی کوردی، لابردنی هەردو دەنگی هەمزە [ئـ] و بزرۆکە [i] لە پەیڕەوی دەنگناسی، چەند لایەنێکی ئاریشەداری ڕێنوسی زمانەکەمان چارەسەردەکرێن، لەم خاڵانەدا خراونەتەڕو:

**یەکەم:** جیاکردنەوەی بڕگەی دەنگسازی و بڕگەی دەنگناسی لە بڕگەسازیدا (ڕەسوڵ، 2015: 88)، چونکە بڕگەی دەنگسازی پەیوەستە بە لایەنی ئەندامزانی و توێکاری و چۆنیەتیی درکاندن و بەرهەمهێنانی بڕگەکان، ئەمەش تەنیا کاری زمانەوان و توێژەر و دەنگسازانە، کە پشت بە دەنگسازیی تاقیگەیی و ئامێر و تەکنەلۆژیای پێشکەوتو دەبەستێت. بەڵام بڕگەی دەنگناسی لایەنە ئەرکداریەکەی بڕگەکانە، بە پەیڕەوی دەنگناسیی زمانەوە پەیوەستە، هەروەها لە نوسین و ڕێنوسدا چۆنیەتیی خستنەپاڵیەکی پیتە بزوێن و نەبزوێنەکانە، ئەمەش پەیوەندیی بە تاکە تاکەی ئاخێوەر و نوسەرانی زمانی کوردیەوە هەیە، بۆ نمونە، کاتێ ئاخێوەر، دەیەوێت وشەیەکی وەکو (گسك) بنوسێت، ئەوا تەنیا سێ دەنگ یان پیت گۆدەکات و دەبیستێت، بۆیە لە ڕوی ئابوریی زمان و ژیربێژی و کەتواری زمانیش هەر ئەوە دەخوازێ، سێ پیت بخاتە سەر کاغەز و بنوسێت (Gsk)، نەك چوار پیت بنوسێت (Gisk) یان هەندێك جار پێنج پیت بنوسێت (Gisik)، چونکە زیادکردنی ئەو فۆنیمە لە نوسیندا، بە قەدەر ئەو فۆنیمە کات و وزە و شوێنی نوسینت بەفیڕۆدەدات، سەرباری ئەوەش هەڵەیەکی زمانەوانییە و ناتوانرێت لە تاقیگەی دەنگدا بونی ئەو دەنگە وەکو فۆنیمێکی سەربەخۆ بسەلمێنرێت.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دوەم:** بە لابردنی ئەم دو دەنگە لە پەیڕەوی دەنگناسیدا، ئاریشەی بزوێن و نەبزوێنەکانی بڕگە چارەسەر دەبێ، بە واتایەکی تر؛ لە زمانی کوردیدا فۆنیمێك بە تەنیا دەتوانێ بڕگەیەك دروستبکات، بۆ نمونە بزوێنەکانی (ا) و (یٚ). هەروەها نەبزوێنەکانیش بۆ نمونە (چ) و (ب) و (د) و (ژ) بە تەنیا دەتوانن بڕگەیەك لە پێکهاتەی وشە و دەربڕینەکاندا دروستبکەن. لە لایەکی ترەوە؛ ئاریشەی بونی هێشوە نەبزوێن لە زمانی کوردیدا چارەسەر و ڕونتر دەبێتەوە.

**سێیەم:** دو پیت لە ئەلفوبێی زماندا کەمدەبنەوە، کە لە بنەڕەتدا دیاردەی گشتیی دەنگسازیی هەمو زمانەکان و فۆنیم نین، ئەمەش وادەکات پەیڕەوی دەنگناسی ساناتر ببێت، چونکە ئەگەر هەر دەنگێك یان هاودەنگێك (Allophone) لە زماندا بونی هەبو، یان بە هۆی گەشە و گۆڕانی زمان پەیدابو، پیت و نیشانەی بۆ دانرا، ئەوا ژمارەیەکی بێسنور پیت لە ئەلفوبێدا پەیدادەبن (وەیس،1984: 70) بەڵکو پیت تەنیا بۆ ئەو دەنگانە دادەنرێت کە بەها و ئەرکی زمانییان هەیە، واتە؛ هەڵگری واتا یان بەشداری گواستنەوەی واتا دەکەن و واتاگۆڕن، ئەمانەش فۆنیمەکانن، بەمەش ژمارەی پیتەکان ڕاستەوڕاست بەرامبەر ژمارەی فۆنیمەکان دەبن (سدیق،2017: 140) هەروەها زانا دەنگناسەکان لە شیکردنەوەی فۆنیمەکاندا، کار بە ڕێسایەکی گشتی دەکەن کە (ساکاریی پەیڕەو)ە، واتە؛ پەیڕەوەکە سانا و ساکاربکە، با ژمارەی فۆنمیەکان کەمترین ژمارە بێت و چەشنەکانی فۆنیمەکانیش کەمترین چەشنیان هەبێت (حەمەسەعید، 2008: 203).

**چوارەم:** ڕەچاوکردنی پێوەر و بنەما زانستیەکانی دەنگسازی بۆ دەسنیشانکردنی فۆنیمەکانی زمانی کوردی، نەك لاساییکردنەوەی زمانێکی تر، یەکگرتویی و پێوەربەندی (Standard) لە شێوەی نوسینی وشەکان و ڕێنوسدا دێتەکایەوە، بێگومان بناغەی پێوەربەندیی هەر زمانێکیش لە یەکگرتویی ئەلفوبێ و ڕێنوسی زمانەکەدا بەدیدێت، هەر ئەم پێوەربەندیی ڕێنوسەش پەیوەندیی نێوان زمانی ئاخاوتن و زمانی نوسین دەچەسپێنێت (حەمەسەعید،2014: 146) بە واتایەکی تر؛ پەیوەندیی پەیکاڵبون و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەماهەنگ لە نێوان هەر دو ئەلفوبێیەکەدا ڕەنگدەداتەوە، بۆ نمونە وشەیەکی وەك (زڤستان)، کە لە شەش پیت پێکهاتوە، ئەگەر لەگەڵ پیتی بزرۆکە بنوسرێت، ئەوا دەبێتە هەشت پیت (Zifistan)، بەڵام دوای چارەسەری و لابردنی ئەم پیتە، وەك ئەلفوبێی ئارامی دەبێتەوە شەش پیت (Zfstan) و لە بڕگەکاریدا دەتوانرێت لە بری سێ بڕگە، بە دو بڕگە هەژماربکرێت. هەروەها لەم نمونەی خوارەوەدا، تەنیا لە ڕستەیەکدا جیاوازی ڕێنوسەکە (7) هێما و نیگارە، بێگومان جیاوازیەکە لە پارچە نوسین و دەقێکدا چەند بار دەبێتەوە. بەڵام دوای چارەسەری، جیاوازیەکە نامێنێت و بنەمای زانستیی دەنگسازی دێنێتەکایەوە، سەرباری ئەوەش لە ڕوی ئابوریی زمانەوە، کات و وزە و شوێنی نوسین کەمتر بەفیڕۆدەدات و ڕاستیی دەنگناسیی کوردیش ناشێوێنێت:

خشتەی ژمارە (9): جیاوازیی ژمارەی پیتەکان بە هۆی بزرۆکەوە

| | | |
|---|---|---|
| ئەلفوبێی ئارامی | دل ژ من بر دل ژ من | 12 پیت |
| ئەلفوبێی لاتینی ( بە بزرۆکەوە) | Dil ji min bir dil ji min | 19 پیت |
| ئەلفوبێی لاتینی (بەبێ بزرۆکە) | Dl j mn br dl j mn | 12 پیت |

## ئەنجام

1- لە پەیڕەوی ئەلفوبێ و دەنگناسیی کوردی و توێژینەوە لە بارەی بڕگەوە، دەبێ جیاوازیی هەر دو ڕوانگەی دەنگسازی و دەنگناسی لەبەرچاوبگیرێت.

2- بۆ ڕێنوسێکی پێوەربەند، دەکرێ پاشگر (ێك)ی نەناسراو زیاتر لەگەڵ ئەو وشانە بەکاربهێنرێت کە بە پیتی نەبزوێن کۆتاییان هاتوە، بەڵام پاشگر (یەك) لەگەڵ ئەو وشانە بەکاربهێنرێت کە بە پیتی بزوێن کۆتاییان هاتوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- لە ڕێنوسی ئەو وشە و بڕگانەی بە بزوێنە سەرەکییەکانی (ا، ۆ، ێ، ە) کۆتاییان هاتوە، ئەوا هەمیشە ناوبڕی (ی) لە نێوان بڕگەکە و پاشگرە ڕێزمانیەکان پەیدادەبێت و لە ڕێنوسیشدا فەرامۆش ناکرێت.

4- لە کاتی لکاندنی پاشگری (ەکە)ی ناسراویدا، دەکرێت وەکو بنەمایەکی ڕێنوس، بە پشبەستن بە گۆزمانی کوردی، لەگەڵ وشە یەك بڕگەییەکان ناوبڕی (ی) بنوسرێت و لەگەڵ وشە فرە بڕگەییەکانیش ناوبڕی (ی) نەنوسرێت.

5- لە ڕێنوسی ئەو بڕگە و وشانەی  بە پیتی نیمچە بزوێنی (و، ی) کۆتاییان هاتوە، لە ڕوی ئابوریی زمان و بە فێرۆدانی کات و وزە و شوێن و ڕێنوسێکی پێوەربەند، وا سودبەخشترە ناوبڕی (و، ی) نەنوسرێت، بەڵکو پاشگرەکان ڕاستەوخۆ بە بڕگە و وشەکانەوە بلکێنرێت.

6- لە پەیڕەوی دەنگناسی و بڕگەسازیی کوردیدا هەر دو دەنگی هەمزە و بزرۆکە، پلەی فۆنیمیان نیە، بەڵکو دیاردەیەکی گشتیی دەنگسازین و لابردنیان لە پەیڕەوی دەنگناسیی کوردیدا، چەند بنەما و لایەنێکی ئاریشەداری ڕێنوسی کوردی چارەسەردەکات.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: بە زمانی کوردی:

1- ئەمین، وریا عومەر (2022)، ڕێنوسی کوردی لە ڕوانگەی زمانەوانیەوە، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، (2022).
2- ئیسماعیل، هەژار قادر (2013)، ڕۆنانی بڕگە و گۆڕانی سنوری بڕگە لە شێوەزاری باڵەکییاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر .
3- بایز، هەڵمەت (2020)، ڕێنوسی فێرکاری، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری هەندرین بۆ زمان و توێژینەوەی کەلتوری/ زانکۆی سۆران.
4- چەمەن ئارا، بێهروز (2022)، بەرەو ڕێنوسی پێوەری کوردی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی مانگ، مەهاباد.
5- حاجی مارف، ئەورەحمان (1976)، زمانی کوردی لە بەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

6- حاجی مارف، ئەورەحمان (1986)، نوسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، بەغدا.
7- حاجی مارف، ئەورەحمان (2014)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، چاپی دوەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
8- حەسەن، رەحمان ئیسماعیل (1991)، برگە و ئاسانبونی برگە لە کوردیدا،نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
9- حەمەد، دەریا سابیر (2016)، کێشە دەنگییەکانی زمانی کوردی لە نێوان ڕێنوسی و یاسا فۆنۆلۆژییەکاندا، فاکەڵتی پەروەردە- قەڵادزێ، زانکۆی ڕاپەڕین.
10- حەمەسەعید، مەحەمەد عەبدولفەتاح (2008)، فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی.
11- حەمەسەعید، مەحەمەد عەبدولفەتاح (2014)، زمانی ستاندارد، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (45)، ئابی 2014، بەشی (B).
12- ڕەسوڵ، عەبدوڵڵا حوسێن (2015)، چەند باسێکی وردی زمانەوانی – کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
13- ڕەسوڵ، عەبدوڵڵا حوسێن (2021)، زمانەوانی کارەکی ، وانەکانی خوێندنی باڵا، ماستەر، وەرزی دوەم، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.
14- ڕەسوڵ، عەبدوڵڵا حوسێن (2023) (ا)، وشەسازیی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.
15- ڕەسوڵ، عەبدوڵڵا حوسێن (2023) (ب)، ڕێزمانی نوێ، وانەکانی خوێندنی باڵا، دبلۆمی باڵام، وەرزی دوەم، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.
16- ڕۆحانی، ماجد مەردۆخ (2020)، فەرهەنگی زانستگای کوردستان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، پەخشانگای زانستگای کوردستان، سنە.
17- زەندی، کازم عەباس (2023)، ڕابەری ڕێنوسی کوردی بە ئەلفبێی عارەبی و کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی.
18- ژاکاو، سابیر (1399)، پرشەدارێکی زمانەوانی 1، ڕێنوس، چاپی یەکەم، بڵاوکەرەوەی زانکۆ، بۆکان.
19- سدیق، فاروق عومەر (2016)، زمانناسیی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین.
20- سەعید، یوسف شەریف (2011) زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
21- شابان، کوردۆ (2020)، ڕاستنوسی، چاپی دوەم، لە بڵاوکراوەکانی مالی وەفایی، هەولێر.

22- عەبدولعەزیز، عومەر (2017)، سەربوردێکی ئەلفبێ و ڕێنوسی کوردی لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (52)، ئازاری (2017)، بەشی (B).
23- عەلی، بەکر عومەر (2014)، چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
24- عەلی، تاڵیب حوسێن (2015)، دەنگسازی- چەند بابەتێکی فۆنۆلۆجی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
25- عەلی، تاڵیب حوسێن (2020)، زانستی زمان و زمانی کوردی، بەشی دوەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
26- فەتاح، مەحەمەد مەعروف (1982)، ڕێنوسی کوردی لە ڕوانگەی فۆنەتیکەوە، گۆڤاری زانیاری کورد، بەرگی نۆیەم، بەغدا.
27- فەتاح، مەحەمەد مەعروف (2011)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی ژمارە (124)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
28- فەرهادی، عاتف عەبدوڵڵا (2013)، هەندێ لایەنی دەنگسازیی شێوەزاری باڵەکایەتی لەسەر بنچینەی (praat)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
29- فەقێ ئەمین، هەوار عومەر (2019)، بنەماکانی دروستنوسینی زمانی کوردی، مجلة الأستاذ الانسانية و الاجتماعية، العدد الخاص بالمؤتمر العلمي، السابع السنة.
30- قادر، عادل ڕەشید (2008)، فۆنۆلۆژیی زمانی کوردی- کرمانجی سەرو، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
31- لیژنەیەك، لە وەزارەتی پەروەردە (2021) (ا)، زمان و ئەدەبی کوردی، پۆلی دوازدەیەم، چاپی پازدەیەم.
32- لیژنەیەك، لە وەزارەتی پەروەردە (2021) (ب)، زمان و ئەدەبی کوردی، پۆلی هەشتەم، چاپی سێزدەم.
33- محەمەد، باخان ئەحمەد (2020)، دروستنوسیی زمانی کوردی، چاپی دوەم.
34- موسا، زێرەڤان ئیبراهیم (2016) (ب)، تایبەتمەندیێن دەنگێن (کپ) د فۆنۆلۆژییا کوردیدا، نامەی ماستەر، کولیژا زانستێن مرۆڤایەتی، زانکویا دهوکێ.
35- موسا، عەبدولوەهاب خالد (2015)، مەرجەکانی دەستنیشانکردنی فۆنیم، بەشی فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی زاخۆ.
36- موسا، عەبدولوەهاب خالد (2016) (ا)، چەند تایبەتمەندیێن دەنگێ [ت] د فۆنۆلۆژییا زمانێ کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی (3)، ژمارە (6).
37- هاشمی، دیاکۆ (2021)، پوختەی ڕێنوس و خاڵبەندی، چاپی یەکەم، وەشانخانەی 49 کتێب، سوید.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

38- وەیس، غازی فاتح (1984) فۆنەتیك، چاپی یەکەم، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان.

39 – Badrxan, Celadat Ali (2002), Elfabeya kurdî & Bingehen gramera Kurdmancî, Wesanxaney Nefel, Stockholom.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی:**

40- أنيس، ابراهيم (1975)، الأصوات اللغوية، الطبعة الخامسة، مكتبة الأنجلو المصرية.

41- عمر، أحمد مختار (1997)، دراسة الصوت اللغوي، عالم الكتب، القاهرة.

42- كانتينو، جان (1961)، دروس فی علم الأصوات العربية، ترجمة: صالح القرمادي، نشر جامعة التونسية.

43- محمد، مناف مهدی (1998)، علم الأصوات العربية، الطبعة الأول، عالم الكتب، بيروت.

**سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی:**

44- Baker, Anne E & Hengeveld, Kees (2012), Linguistics, Blackwell Publishing, UK.

45- Crystal, David (2008), A Dictionary of Linguistics and Phonetics, sixth edition, Blackwell publishing, UK.

46- de lacy, Paul (2007), The Cambridge Handbook of Phonology, Cambridge University Press.

47- Roach, Peter (2002), A little Encyclopedia of Phonetics, Cambridge University press.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Solving the Issues of Kurdish Orthography according to Linguistics the issues of the syllable level as an example

**Dara Kamal Sleman**

Department of Kurdish, college of language, Salahaddin university, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

Email: Dara.sleman@su.edu.krd

**Prof. Dr. Abdullah Hussein Rasool**

Department of Kurdish, college of language, Salahaddin university, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

Email: abdulla.raswl@su.edu.krd

***Keywords***: *Syllable, Phonetic perspective, Phonology perspective, Kurdish orthography, Issues of orthography*.

## Abstract:

This research is a significant attempt to identify issues within Kurdish orthography and present solutions based on linguistics principles, with the goal of unifying and Standardized the Kurdish writing language. The rules of syllable formation have a direct effect on the Kurdish script. In addition to syllables participating for word formation, syllable rules also influence how words are spelled, how words and phrases are connected, especially those words or items that are ending in vowel or semi-vowel. Consequently, the basic part of the Issues of Kurdish orthography is attributed to the Syllable rules, especially in the setting of the in phonic (w,و ) and (y،ی), or adding a letter for Glottal Stop sound (ئ) and (i). Therefore, this research falls within the boundaries of the applied linguistics and adopts a descriptive and analytical method. For this purpose, the researcher showed the theoretical aspects of the thesis in the first part. in the second part, the Issues at the Syllable level have been identified

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

and the necessary examples of the treatments have been given. so, the content of this research comprises an introduction and two parts, Finally the results, list of sources and Abstract of the research are presented in both Arabic and English.

# معالجة مشاكل التهجئة اللغة الكردية حسب علم اللغة

## مشاكل في مستوى المقطع نموذجا

**ملخص:**
هذا البحث محاولة مهمة للتعرف على مشاكل الكتابة الكردية، وبعدها توضيح الحلول وفق الأصول اللغوية، بهدف التوحيد في لغة الكتابة. قواعد التقطيع أو تكوين المقطعات لها تأثير مباشر على التهجئة الكردية، على الرغم من أن المقطعات تشارك في الاضافة و ترتيب الحروف في قوالب الكلمات، ولكيفية تهجئة الكلمات و اندماج الكلمات و العبارات ووحدات النحوية، يتم اتباع والاعتماد على مبادئ والاتجاهات تكوين المقطعات، وخاصة تلك المقاطع والكلمات التي تنتهي بالحروف المتحركة أو شبه المتحركة، وعلى هذا الأساس فإن جزءاً أساسياً من المشاكل الإملائية يعود إلى قواعد تكوين المقطعات، وخاصة وضع حروف القاطعة (و) و (ى)، أو وضع حرف لصوت الهمزة او الكسرة المختلسة (بزروكه). لذلك فإن هذا البحث يقع ضمن حدود علم اللغة التطبيقي ويتبع المنهج الوصفي التحليلي، و لهذا الهدف عرضت الباحث الجوانب النظرية للمقطع، ثم لتكوين المقطعات و الاتجاهاته في الجزء الأول، وفي الجزء الثاني تم تحديد المشاكل والجوانب التهجئة والاملاء في مستوى تكوين المقطعات وعرض الحلول بالأمثلة اللازمة. هذا معناه؛ يتكون محتوى هذا البحث من مقدمة وجزأين، وفي النهاية عرضت النتائج وقائمة المصادر وملخص البحث باللغتين العربية والإنجليزية.